"ڕۆژنامەی هاوڵاتی بەمەبەستی زیاتر خستنەڕووی ئەو کێشە گرنگانەی کە ئێستا ڕووبەرووی میللەتی کورد بوونەتەوە، بڕیاریداوە بەکردنەوەی دۆسیەیەکی گرنگ لەسەر چارەنووسی گەلی کورد بەگشتیو کوردستانی عێراق بەتایبەتی، لەچەندین تەوەری جۆراوجۆردا کە لە ژمارە ٤٠٠ی هاوڵاتیدا ئاماژەی پێکرابوو. بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژنامەی هاوڵاتی بە شێوازی جۆراوجۆر هەڵدەستێت بە دواندنی سیاسەتمەدارانی کورد لەنێو دەسەڵاتو دەرەوەی دەسەڵاتدا، هەروەها دواندنی جەماوەرو کەسانی تایبەتمەندو ڕۆشنبیران لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە لەڕێگای گفتوگۆو چاوپێکەوتنو ئامادەکردنی ڕیپۆرتاژو بڵاوکردنەوەی وتارەوە، کە هەرکەسێك لەبوارێکی دیاریکراودا قسە لەسەر تەوەرەکان دەکا،، بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیکەن بەم ئیمەیلەوە: charanwsikurd@yahoo.com

# "کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم، ئەو سەد هەزار چەکدارەی هەیانە، بۆ پاراستنی بنکەو بارەگاو خانووەکانی خۆیان ڕایانگرتوون، یان بۆ پارێزگاریکردن لە سنوورەکانی ژێر دەسەڵاتیان؟"

## سیروان کاوسی ئەندامی سەرکردایەتیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان (KNC) بۆ هاوڵاتی

ئا: هاوڕێ کەریمی

**لە بەیاننامەیەکدا کە هەفتەی ڕابردوو بڵاویانکردەوە، کونگرەی نیشتمانیی کوردستان (KNC) ڕەخنەی توندیان ئاراستەی سەرکردایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کرد سەبارەت بە بێدەنگبوونی بەرامبەر بە هێرشەکانی سوپای تورکیا و پێیانوایە " سەرۆکایەتیی کورد لە باشور لە بری قاودان و شەرمەزارکردن و ڕاکێشانی سەرنجی دونیای دەرەوە بۆ دەستدرێژییەکان، سەرقاڵی کۆبونەوە و پروپاگەندەی حیزبی و دیدار لەگەڵ بەرپرسانی لق و شار و گوندەکانی خۆیانن".**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان ساڵی ١٩٨٥ لە لایەن کۆمەڵێك کەسایەتیی ڕۆشنبیر و نوسەری کورد وەك پرۆفیسۆر جەمال نەبەز و دکتۆر جەواد مەلا و ژەنراڵ عەزیز عەقراویی و ئەندازیار یۆسك ئیبراهیم و پرۆفیسۆر موزەفەر پەرتەوما و چەند کەسایەتییەکی تر لە شاری لەندن لە بەریتانیا دامەزرا و ئێستاش وەك ناوەندێکی بەرپرسیار بەردەوامە لە کارەکانی لەسەر کێشەی کورد لە ئەوروپا.**

**بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر و تیشکخستنەسەر هەڵوێستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوڵاتی وتووێژێکی لەگەڵ سیروان کاوسی ئەندامی سەرکردایەتیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان(KNC) سازکرد.**

**هاوڵاتی:** بە بڕوای ئێوە هۆکاری بێدەنگی و نەبوونی هەڵوێستێکی جدی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سەبارەت بە هەرەشەکانی ئێران و تورکیا چییە؟

**کاوسی:** لە ڕاستیدا چەند هۆیەك کارکردیان لەو بێدەنگییەی سەرکردایەتیی کورد لە باشووردا هەیە، گرنگترینیان بریتین لە ١- نەبوونی بیروباوەڕ و ستراتیژی نەتەوەیی، لە بەرنامەی سیاسیی سەرۆکایەتیی کورد لە باشوور. ٢- بەهۆی زاڵبوونی بەرژەوەندیی حیزبایەتی و ئابوورییەوە، لەدەربڕینی بیروڕای سیاسییاندا، سەبارەت بەو دیاردە و ڕووداوانەی پێوەندییان بە جۆر و ئاستی دانوستانیان بە وڵاتانی دراوسێوە هەیە - کە ڕژێمەکانی داگیرکەری کوردستانن، هاودەنگ نین و، هەڵوێستێکی هاوبەشیان نییە، هەروەك هەڵوێستی بەڕێزان مەسعوود بارزانی و هۆشیار زێباری و جەلال تالەبانی و، نێچیرڤان بارزانی و، ... هتد، سەبارەت بە کێشەی پەکەکە و تورکیا، تاکو ئێستاش زۆر لەیەکدیی جیاوازن. کە ئەوەش لە ئاستی ناوچەکەو دەرەوە، ڕاستەوخۆ زیانی لە کەسایەتیی نەتەوەیی و قەوارەی سیاسی و دەسەڵاتداریێتی کورد داوە، هاوکات، لەنێو کورد خۆیشیدا، ناهومێدی و بێبڕوایی، بەرامبەر ئاستی لێوەشاوەیی و شارەزایی و بیری نەتەوەیی سەرکردەکانی دروستکردووە.

٣- بەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی کەسی و حیزبایەتیی لەلایەن سەرکردایەتیی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە بەزەقی و بەئاشکرا پێڕەو دەکرێت، ئەمەش ڕێیگرتووە لەبەردەم دەستنیشانکردنی ڕێچارەی شیاو، کە بتوانن ستراتیژێکی دیاریکراوی نەتەوەیی بگرنەبەر.

٤- دەوڵەمەندبوونی لەناکاو و لەڕادەبەدەری سەرکردایەتیی هەردوولا، کە هەر هەمووی لە بودجە و داهاتی خەڵکی ڕەشوڕووتی ئەنفالکراو و ماڵوێرانی کورد دەستیانکەوتووە، وەگەڕخستنی بەشێك لە پارە و سامانیان بۆکردنەوەی پێوەندیی ئابووری و بەستنی دەیان ڕێککەوتننامەی بازرگانیی لەگەڵ کۆمپانیاکانی وڵاتانی داگیرکەر - بەتایبەتیی ئێران و تورکیا، تووشی ترس و دڵەڕاوکێی کردوون و، بەردەوام پەرۆشی لەدەستدانی سەروەت و سامانەکەیانن. لەبەر ئەوە، بە هەموو شێوەیەك هەوڵدەدەن، دڵی داگیرکەرانی کوردستان ڕابگرن و، زیز و توورەیان نەکەن. لە کاتێکدا دەزانین، ئەو گرێبەستە بازرگانییانەی لەگەڵ وڵاتانی داگیرکەر هەیانە، هیچیان لەسەر بناخە و مەرجەکانی پێوەندیی نێودەوڵەتیی نین، کە تێیدا ڕێز لە بەرژەوەندیی هەردوولایەن دەگیرێت. ئەو ڕژێمانە لەڕاستیدا، سیاسەتی وابەستەکردنی کوردستان و زیانگەیاندن بە ژێرخانی ئابووریی باشووری کوردستان پێڕەودەکەن، هاوکات، بەزانیاری و تێگەیشتن لەبارەی دۆخی دەروونی و ویستی بەرژەوەندخوازانەی دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمەوە، بەشێوازی جۆراوجۆر گوشار دەخەنە سەریان بۆ دوورخستنەوەی هێز و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و باکوور لە سنوورەکانیان و لاوازکردنیان، بە پێی ویستی داگیرکەران. ئەمە با لەو لاشەوە بوەستێ کە، دەیان گرێبەستی چەندین و چەند ملیۆن دۆلاری لەگەڵ کۆمپانیاکانی تورك و ئێران، کە زۆربەیان بە نیوەچڵی و ناتەواوییەوە بەجێماوە و، هەموو ڕۆژێك لە میدیای حیزبەکانەوە گوێبیستی گلەیی و گازندەی خەڵکین، سەبارەت بە سەقەتی و بەجێنەگەیاندنی پرۆژەکانی ئەو کۆمپانیانەی کە لە ئێران و تورکیاوە دێنە باشووری کوردستان.

**هاوڵاتی:** ئێوە لە بەیاننامەکەتاندا باستان لەوە کردەوە کە بێدەنگیەکەی حکومەتی هەرێم گومان دروست دەکات، ئایا ئێوە ئەو گومانە چۆن دەبینن؟

**کاوسی:** لەڕاگەیاندراوەکەی KNC دا هاتووە "بێگومان ئەم بێهەڵویستی و بێدەنگییەی سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێم، لە بەردەوامیی خۆیدا، شك و گومان لەنێودڵی جەماوەری کورددا دروستدەکات، کە ئەوەش بەهیچ چەشنێك خزمەتی یەکریزیی کورد و، بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەی کورد ناکات".

زەلال و ئەشکەرەیە، بەردەوامبوونی بێدەنگیی حکومەتی هەرێم، سەبارەت بە دەستدرێژییەکانی تورك و ئێران، چەند پرسیارێك دروستدەکات.

١- کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم، ئەو سەت هەزار چەکدارەی هەیانە و، لە بودجە و داهاتی خەڵکی کوردستان دەیانژێنن، ئایا، بۆ پاراستنی بنکە و بارەگە و، خانووەکانی خۆیان ڕایانگرتوون، یان بۆ پارێزگاریکردن لە سنوورەکانی ژێردەسەڵاتیان، کە باشووری کوردستانە؟!

٢- ئەگەر پارتی و یەکێتیی، لەسەر داوای ئەمەریکا و، هاندانی حکومەتی عێراق و گوشاری تورکیا، ڕازیبوبێتن، بۆ لێدان و، لاوازکردنی پەکەکە، ئەمە بێگومان لە خزمەتی بەرژەوەندی و ستراتیژیی نەتەوەیی کورددا نابێت و، زیانی گەورە لە یەکێتیی کورد و ئامانجەکانی گشتیی نەتەوەی کورد دەدات. ئەمەش بەمانای پشتگیریکردن لە سیاسەت و بیروباوەڕی پەکەکە نییەو، هەموو سیاسەتزان و ڕۆشنبیران و، هەروەها نەتەوەییەکانی کورد، زۆر باش لەو ڕاستییە ئاگادارن، سەرەڕای پەرەسەندنی بیری ئازادیخوازیو، ڕاپەڕینی بەشکۆی جەماوەریی لە باکووری کوردستان، مەخابن، سیاسەتەکانی پەکەکە، تاکو ئەمڕۆ، هۆکاری سەرەکیی بووە بۆ ئەوەی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد لە باکوور، لەئاستی نێوخۆو دەرەوە، نەکەوێتە سەر شارێی ڕاستینەی نەتەوەییەوەو، کێشەی ڕەوای نەتەوەی کوردی، بەکێشە و پرسی نابابەتانە و نازانستیانەی لابەلاوە سەرقاڵکردووە. ساڵانێك بوو، پەکەکە خەونی بە پێکهێنانی بەرەی دژە ئیمپریالیستیەوە دەدیت لە ناوچەکە،کە لەگەڵ ڕژێمی درندەی بەعسی سووریاو، کۆماری کوردکوژو بێمێشکی مەلاکانی ئێران و، حیزبوڵڵای لوبنان پێکیبهێنێو، دەیگوت، شەرەکەی، جەنگی پرۆلیتاریا و گەلانی نێوچەکە و ڕژێمەکانی دژ بە ئیمپریالیستە لە دژی بەرەی ئیمپریالیست و بەکرێگیراوانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین! ئەوڕۆکەش، خەون بەفەرمیناسینی پەکەکە و، دەرکردنی لێبوردنی گشتی لەلایەن ڕژێمی تورك و، بە دێموکراتبوونی ڕژێمی تورکەوە دەبینێت. لەبەرئەوە، کاکڵە و مەبەستی سەرەکیی ئێمە (KNC)، لە دەستنیشانکردنی هەڵە و کەموکورتییەکان و، ڕەخنەگرتن لە هەڵویستێکی تایبەتی حکومەتی هەرێم، یان هەر دەزگا و لایەنێکی دیکەی کوردی و کوردستانیی، لەڕوانگەی بیروباوەڕ و پرنسیپی نەتەوەییمانەوە سەرچاوەدەگرێت، نەك ئەوەی ئێمە بمانەوێ، لایەنگری لە لایەنێك بکەین، لەدژی لایەنێکی دیکەی کوردیی. لە ڕوانگەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە، شکست، یان سەرکەوتنی خەباتی هەر پارچەیەك، کاریگەریی ڕاستەوخۆی بۆ سەر بزاڤی پارچەکانی دیکەش دەبێ، چونکە چارەنووسی سیاسی و هەبوونمان وەك نەتەوە، پێکەوە گرێدراوە و، جیا لە یەکدیی نین.

**هاوڵاتی:** حکومەتی هەرێم، باس لەوە دەکات کە ئەرکی هێزی هاوپەیمانە کە سنوورەکانی هەرێم بپارێزێت ئایا ئێوە ڕاتان چییە سەبارەت بەوە؟

**کاوسی:** ئەوەی خۆی بە حکومەت بزانێت، بێگومان گاڵتەی بەم وتەیە دێت، کە حکومەت و دەوڵەتی وڵاتێك، سەد، یان سەدوپەنجا هەزار هێزی چەکداری پۆشتە و پەرداخی ببێ، ئەوجا ڕوو لە وڵاتانی دیکە بنێ و، تکایان لێبکات وەرن ئێوە بمانپارێزن، چونکە هێزەکەی خۆم، نازانن شەڕ بکەن!؟!!.

زۆر مەخابن، کاتی خۆی، سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و، پارتی دیموکراتی کوردستان، کە ئامادە بوون هاوکاریی ئەمەریکا بکەن بۆ خستنی سەدام، لەگەڵ ئەمەریکا و هاوپەیمانان، هیچ کۆبوونەوەی ڕەسمی و ڕێککەوتنیکیان لەگەڵیان ئەنجام نەدا و، هێندە دووربین نەبوون کە بە هاوکاری لەگەڵ کەسایەتیی نەتەوەیی و، لایەنەکانی دیکەی کورد و کوردستانیی، پێشوەخت پلانێکی ژیرانەی نەتەوەیی ئامادە بکەن و، بە یەکدەنگ و بەنێوی گەلی کوردەوە، بەرەوڕووی گۆڕانکارییەکانی پاش ڕووخانی سەدام ببنەوە. ئێستا ئیدی وایلێهاتووە، هێزی چەکداری کورد دەنێرنە بەغدا و بەسرە بۆ پارێزگاریکردن لە سەرۆکهۆز و کاربەدەستە عەرەبەکان و، شەڕی نەیارانی حکومەتی بەغدایان پێدەکەن، بەڵام تاقە چەکدارێکیان نییە، پارێزگاریی لە سنووری کوردستانەکەی خۆیان بکات! ئەوجا کە حکومەتی هەرێم هێندە سەربازی زیادەی هەبێت، بیاننێرێتە بەغدا و خوارووی عێراق، بۆچی دەبێت چوار چەکداری نەبێت، کە گوللە بەنێوچاوانی هەر چەکدارێکی داگیرکەرەوە بنێت، کە پێدەنێتە سەر خاکی نیشتمانەکەی؟! بۆچی دەبێ پێنج ساڵ پاش ڕووخانی سەدام، هێشتا دەسەڵاتدارێتی کورد نەتوانێت، ئاسایشی ناوچە دابڕاوەکانی وەك کەرکووك و خانەقین و، شار و مەڵبەندەکانی دیکە بپارێزێت، کە لەلایەن عەرەبە ڕەگەزپەرستەکانەوە، کورد ڕفاندن و سەربرینی کورد بەردەوامە تێیاندا؟!

کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم، پێوستە لە پێش هەر شتێکدا، پشت بە هێزوتوانای خۆیان و، گەلەکەیان ببەستن، ئەوجا بەرەسمیی داوا لە هێزی هاوپەیمانان بکەن، بەڵێنی خۆیان سەبارەت بە پاراستنی باشووری کوردستان بهێننەجێ و، پێیانرابگەیەنن، ئەگەر بێتو ئەمەریکا لەوە زیاتر لەبەرامبەر هێرشی ئێران و تورکیا بێدەنگی پێشانبدات، تاقە چەکدارێکی کورد، نانێرنە نێو عێراقەوە کە شانبەشانی سەربازی ئەمەریکا شەڕی تیرۆریستان بکەن. هاوکات، داوا لە UN بکەن، هێزی ئاشتیپارێز لەسنوورەکانی نێوان باشوور - ڕۆژهەڵات و باشور - باکوور دابنێت، بۆ ئەوەی ئێران و تورکیا نەتوانن چیدیکە بەنێوی پژاك و پەکەکەوە، دەستدرێژیی بکەنە سەر باشووری کوردستان. بەمەش، کێشەی کورد لە باشوور، دەبێتە کێشەیەکی نێونەتەوەیی ....

**هاوڵاتی:** نەتەوەیەکگرتووەکان تا ئێستا هیچ هەڵوێستێکی سەبارەت بەو کێشەیە نەبووە، ئایا ئێوە پێتانوایە کە بە ئاگادارکردنەوەیان تا چەند دەتوانن ئاراستەکە بگۆڕن؟

**کاوسی:** پاش ئەوەی عێراقی نوێ بە هەوڵی بێوچان و دڵسۆزانەی سەرکردەکانی پارتی ویەکێتیی دامەزراوەیە و، ناوچە سەربەخۆییەکەی باشووری کوردستانیان گۆڕییەوە بە وەرگرتنی چەند پلە و کورسییەکی کاتیی لە دەوڵەتی عێراقی نوێ و، ناسنامەی عێراقیان دایەوە بەنێوچاوانی باشووری کوردستاندا کە کورد خۆشی لەمەدا بەهۆی ناهۆشیارییەوە سووچبارە، ئیدی لەو کاتە بەدواوە، کێشەی کورد لە باشووری کوردستان لەلایەن کورد خۆیەوە، بووەوە بە کێشەیەکی نێوخۆیی لە عێراقدا. هەر لەبەر ئەمەشە، کە سەرکردەی هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە، بۆ دەربڕینی نارەزایەتیی لەدژی بۆمبابارانەکانی ئێران و تورکیا، ڕاستەوخۆ داوا لە حکومەتی عێراق دەکەن، پشتیوانیی لە یەکپارچەیی عێراق بکات و، بەڕێگەی دیپلۆماسییەوە لەگەڵ ڕژێمەکانی تورك وئێراندا دانووستان بکات، بۆ ئەوەی هێرشەکانیان بۆ سەر (کوردستانی عێراق!!) بوەستێننو، ڕێز لە سەروەریی خاکی عێراق بگرن! هەر لەو پێوەندییەشدا، سەرکۆماری عێراق و وەزیری دەرەوەی عێراق و سەرۆکوەزیرانی عێراق و... هتد، چەند جارێك هاتوچۆی پایتەختەکانی ئێران و تورکیایان کرد و، گەلی کورد و داگیرکەران و دنیای دەرەوەش، بەڕێگەی میدیای کورد و بێگانەوە، ئاگاداری هەڵوێستی سەرکردەکانی کورد بوون کە لەناو دەوڵەتی عێراق و کوردستاندا دەسەڵاتدارن، بۆیە لێرەدا پێویست بە نووسینەوەی قسەکانیان ناکات.

تێپەڕبوونی پێنج ساڵ پاش ڕووخانی سەدام، بۆ سەرکردایەتی و گەلی کوردمان لە باشوور، بەسە، بۆ ئەوەی لەو ڕاستییە تێگەیشتبێتن، کە عەرەبی عێراق بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، دۆستی کورد نین و، چاوەڕوانی ڕۆژێکن دەسەڵات و، هێزوتوانایان بگەڕێتەوە دۆخی جارانیان و، بە هاوبەشیی لەگەڵ داگیرکەرانی دیکەی کوردستان، دەکەونە وێزەی کورد. ئەوجا بەم هەستنزمی نەتەوەیی و حیزبپەرستی و ناوچەگەرێتییەی کە هێشتا بەسەر گۆڕەپانی سیاسیی نیشتمانەکەماندا زاڵە، زۆر بەئاسانی دەتوانن شەڕە گەرەك و شەرە قەڵماسك و یەکتر هەڵبرین لەنێو حیزبە کوردییەکاندا بەرپا بکەنەوە.

لەبەرئەوە ژیربێژیی (منطق) و هەست و باوەری بەرزی نەتەوەیی پێماندەڵێت: بێترس و شەرمکردن لە وڵاتانی دراوسێ (داگیرکەر)، پێویستە سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێم، لەپێش هەر شتێکدا، لەگەڵ سەرکردایەتیی پەکەکە کۆببێتەوە و، لە بارودۆخی هەستیاری ئەوڕۆکەی باشووری کوردستان بەوردی ئاگاداریان بکەنەوە و پێکەوە بە هاوبەشیی لەگەڵ هەموو لایەنێکی کورد و کوردستانیی، پلاتفۆرمێکی هاوبەش دابڕێژرێت بۆ پارێزگاریکردن لە باشوور و، پارێزگاریکردن لە بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کورد لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان. لەمیدیای کوردییەوە لە باشوور و لەدەرەوە، شاندی ڕەسمیی حکومەتی هەرێم و پەکەکەو هەموو لایەنەکان، بارودۆخی هەنووکەی کوردستان و، ناوچەکە هەڵبسەنگێنن و، بیروڕای خۆیان بە ئاگاداریی یەکدی و نەتەوەی کورد بگەیەنن.

لەم پێوەندەدا، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، ئامادەیی خۆی دەردەبڕێت بۆ ڕێخستن و میوانداریکردنی کۆبوونەوەیەکی ئەوتۆ، بە بەشداریی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، شاندی پەکەکە کە لە هەندەران ئەنجامبدرێت. ئەگەر هەردوو لایەن ویستیان کۆبوونەوەکان لە باشووری کوردستان ئەنجامبدرێت، دیسان شاندی ڕەسمیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان پشتگیریی تەواوی خۆی دەردەبڕێت بۆ بەشداریکردن لەو کۆبوونەوەیەدا، بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێکی ڕاست و نەتەوەییانە، کە بە تەواوەتیی ئامانج و بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەی کوردی تێدا ڕەچاوبکرێ.

هاوکات، لەگەڵ ئەمەریکا و وڵاتانی هاوپەیمان، داوای کۆبوونەوەی ڕەسمیی بکرێت و، داوایان لێ بکرێت ، بەڵێنی خۆیان بەرامبەر کورد بە جێبهێننو، گەلی کورد لەبەرامبەر سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی وڵاتانی داگیرکەریدا بپارێزن. شاندی دیبلۆماسی لە کەسانی شارەزا و پسپۆر و نیشتمانپەروەر پێکبهێنرێ و پێوەندیی بکەن بە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و پەرلەمانی ئەوروپاوە، بۆ ئەوەی بێنە کوردستانو، چاودێریی ریفراندۆمێکی سەرتاسەریی بکەن، کە نەتەوەی کورد بتوانێ، بەپێی جارنامەی مافی مرۆڤی جیهانیی، خۆی بریار بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیبداّت، نەك حکومەت و حیزب و لایەنی دیکە بریاری بۆ بدەن. لەم ڕێگەیەوە کورد دەتوانێ پرس و کێشەکەی خۆی بکات بە کێشەیەکی نیودەوڵەتیو، لە چوارچیوەی وڵاتانی داگیرکەر بیهێنێتە دەرەوە.

**هاوڵاتی:** پژاك پێیوایە کە هێرشەکانی ئێران و تورکیا بۆ سەر خاکی هەرێم بە ئاگاداری حکومەتی هەرێم بووە ئێوە ڕاتان چییە لەو بارەیەوە؟

**کاوسی:** لەم بارەیەوە هیچ زانیارییەکمان لەبەردەستدا نییە، کە بیسەلمێنی حکومەتی هەرێم، لەگەڵ کاربەدەستانی ڕژێمی تورکیادا، لەسەر بابەتێکی وا ڕێککەوتبێت. لەبەر ئەوە بەباشیدەزانین ئەم پرسیارە ئاراستەی (پژاك) خۆیان بکەن.

**بێگومان گاڵتە بەم وتەیە دێت، کە حکومەتو دەوڵەتی وڵاتێك، سەد، یان سەدوپەنجا هەزار هێزی چەکداری پۆشتەو پەرداخی بێ، ئەوجا ڕوو لە وڵاتانی دیکە بنێو تکایان لێبکات وەرن ئێوە بمانپارێزن، چونکە هێزەکەی خۆم، نازانن شەڕ بکەن!؟!!**


سیروان کاوسی

**بەکورتی:**

سیروان کاوسی لە دایکبووی شاری سنەی(ڕۆژهەلاتی کوردستان)ەکە لە لەساڵەکانی ١٩٧٠ – ١٩٧٦ لە پێگەی ئاسمانی ئەسفەهان و کرماشان تەکنیکەری هەلیکۆپتەر بووە و ساڵی ١٩٧٦ بەهۆی چالاکی سیاسیەوە ماوەی ٢ ساڵ لە شاری کرماشان زیندان بووە، دواتر لە ڕێگەی UNەوە، چۆتە وڵاتی نەرویژ ولەساڵی ١٩٩٢ ەوە تاکو ساڵی ٢٠٠٠، بە چەندین پیشەی وەك مامۆستای زمانی کوردی، مامۆستای باخچەی منداڵان، فەرمانبەری شارەوانی لەبەشی وەرگێران و دائیرەی پەنابەرێتی، فەرمانبەری نێوەندی خزمەتگوزاریی منداڵانی بێدایك و باوك سەرقاڵ بووە. لەساڵی ٢٠٠١ – ٢٠٠٢ بەهۆی نەخۆشی بڕیاری خانەنشینی بۆ دەرکراوە و ساڵی ١٩٩٩ پاش کۆتایی کۆنگرەی چواری – کۆنگرەی نیشتمانیی کورستان، دەستنیشانکراوە بۆ بەرپرسیارێتی دەزگای ڕاگەیاندن، ئیستاش ئەندامی سەرکردایەتیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانە و لەساڵی ٢٠٠٦ ەوە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی نەرویژە.